بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

Salahaddin University-Erbil

# تاوانناسی



**م.ی توانا عثمان محمدامین**

**قۆناغی سێیەم – کۆمەڵناسی**

twanaosman357@Gmail.com

**Mobile :07504859088**


Criminology


CRIME
CRIMINOLOGY
THEORIES
THOUGHT
CRIMINAL
CONSIDERED
COMES
SCHOOLS
THINGS
CONTROL
PEOPLE
AREA
BEGAN
SIDE
PLACE
WITHIN
INDIVIDUALS
POSITIVISTS
SCHOOL
SOCIETY
BEHAVIOR
GENERATIONS
HEDONISTIC
MAY
SOCIAL
PERSON
RATIONAL
CRIMINOLOGISTS
ENVIRONMENT
CAUSES
MAKEUP
BELIEVE
ORDER

به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

دەرسگوتاری یەکەم

یەکەم :- یەکتر ناسین :



## دووەم :- گرنگی ئەم قۆناغە لە رووی بابەت و نمرەوە :

- لەڕووی بابەتەوە، باس لە تاوانناسی و چۆنیەتی تیگەیشتن لەم زانستە، لەرووی مێژووی چەمک و تیۆر و هۆکارەکانی تاوان دەدوێین، تێگەیشتن لە دیاردەی تاوان زۆر گرنگە، بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسان.

- وەکو قۆناغیش ئەم ساڵ قۆناغی سێیەم (٣٠) سی، نمرەی لەسەرە، واتە لەسەر سەد هەر چەندیك بێنن جارانی (٣٠)دەکەن.

- لەرووی یەکەی بابەتییەوە ئەم بابەتە(تاوانناسی)، (٣)سێ، یەکە(وحدە)ی، لەسەرە لەم قۆناغە، ئەمەش گرنگی ئەم بابەتە لە قۆناغی سێی زانکۆ دەردەخات.

## سێیەم: بەرچاوڕونی بۆ قوتابیان :

١- تاکو کۆتایی کۆرس (٤٠)نمرەی لەسەرە.

٢- سی نمرە لەسەر تاقیکردنەوەی مانگانە یان وەزر، کاتێک بۆ هەمووان دیاری دەکرێت.


٣- داواتان لێدەکرێت هەمووتان بەجیا، ڕاپۆرتێک بنوسن و بیکەنە سیمینار لەسەر بابەتێک لە بابەتەکانی تاواناسی.



٤- چالاكی ناو پۆل و وەڵامدانەوەی پرسیارەكان و پرسیاركردن و دەوڵەمەندكردنی مامۆستا دەوڵەمەندكردنی بەچی چۆن دەكرێت؟

ا- ئەنجامدانی سیمینار لەسەر بابەتێكی تاوانناسی لە ناو هۆڵ.

ب-خوێنەوەی كتێب یان كورتكردنەوەی كتێبێك، واتە خستنەرووی گرنگترین بیرۆكە و بۆچوونەكانی نوسەر و تەوەرەكانی كتێبەكە لە ماوەی چەند خولەكێكدا.





## چوارەم : چی دەخوێنین، چۆن دەیخوێنین، بۆ دەیخوێنین ؟



١- ئەوەی دەیخوێنین پێی دەڵێین تاواناسی، بابەتێکی پێویستە بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسی.

٢- زیاتر بە تیۆری دەیخوێنین، سوود لەسەرچاوەکان دەبینین.

٣- بە پراکتیکیش لە ناو کۆمەڵگەی خۆمان و و ژیانی رۆژانە سوود وەردەگرین و راپۆرت و توێژینەوەش دەنووسین.(گەر گونجا سەردانی چاکسازی، یاخود دامەزراوەیەک دەکەین کە نزیکبێت لە بابەتەکەمانەوە)

## بۆچی تاوانناسی دەخوێنین؟

ئەمە پرسیارێکی زانستی و فەلسەفی زۆر گرنگە، پێویستە لە هەموو بابەتەکانی زانکۆدا بکرێت؛ واتە وەڵامی ئەو پرسیارەمان لا روون بیت، ئایا مەبەست لە خوێندنی ئەم بابەتە چیە؟

**بە شێوەیەکی گشتی خوێندنی ئەم زانستە دەبێتە هۆی:-**

١- لەم بابەتەدا(تاوانناسی)، ئاشنا دەبین بە تێگەیشتنێکی زانستیانە لە دیاردەی تاوان.

٢- شارەزایی پەیدادەکەین لەسەر، قۆناغە مێژووییەکانی سەرهەڵدانی زانستی تاوانناسی، هەروەها ئاشنا دەبین بەو فاکتەر و هۆکارانەی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی تاوان.

٣- ئاشنامان دەکات بە گرنگترین ئەو تیۆرانەی کە لە بواری زانستی تاوانناسی خراونەتە روو.

٤- خویندنی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی، توێژەرانی کۆمەڵایەتی شارەزابن لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لادان یان تاوانیان ئەنجامداوە.

٥- خویندنی ئەم بابەتە، دەبێتە هۆی شارەزابوونی توێژەرانی کۆمەڵایەتی، لە دۆزینەوەی چارەسەر و یارمەتیدانی کۆمەڵگا، بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان و ئاراستەکردنی پرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تەندروست.

## گرنگی بابەتی تاوانناسی بۆ کۆمەڵگا لە چیدایە؟

١- زانستی تاوانناسی **شیکردنەوەیەکی زانستیانە و دروست دەکات** لەسەر تاوان؛ بەمەش یارمەتیمان دەدات لە **تێگەیشتن لە دیاردەی تاوان**، بەشێوەیەکی **واقعی**، وەک ئەوەی کە هەیە، نەک تێکەڵ بە خورافە و خەیاڵ بکرێت.

٢- تاوانناسی، کاتێک لە هۆکارەکانی تاوان دەکۆڵێتەوە، شیکردنەوەیەکی دروستمان دەداتێ لە تاوان و **هۆکار و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا**، بەمەش رێگا دەکاتەوە لەبەردەم چاکسازییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکان تاوەکو کاربکەن بۆ **لابردنی ئەو هۆکارانە یان کەمکردنەوەیان.**

٣- **توێژینەوە تیۆری و مەیدانییەکانی** بواری تاوانناسی، بونە هۆی **دۆزینەوەی هەندێک لە شێوازە رەفتارییە لادەرەکان**، کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بڵاوبونەتەوە، یاخود لە توێژێکی دیاریکراودا سەرهەڵدەدەن؛ بۆ ئەوەی پێشتر چارەسەربکرێت، پێش ئەوەی لە **رەفتارێکی لادەرەوە ببێتە رەفتارێکی تاوانکاری.**

٤- تاواناسی، زۆر تیۆری سەبارەت بە **کەسایەتی تاوانبار** خستۆتە ڕوو، کە ڕۆڵیان هەبووە لە دیاریکردنی **جۆر و بڕی سزاکان** بەجۆرێک لەگەڵ **کەسایەتی تاوانبارەکاندا** گونجاو بێت.

٥- زانستی تاوانناسی، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە گەشەپێدانی **سیستەمی بەندینخانەکان و پۆلێنکردنی بەندکراوان**، هەروەها خستنەناوەوەی **پرۆگرامی خوێندن** بۆ ناو بەندینخانە و چاکسازییەکان و **هۆکارەکانیتری** چاکسازی تاوانباران.

٦- زانستی تاوانناسی، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە گۆڕانکاری لە سیستەمەی مامەڵەکردن لەگەڵ **تاوانباری نەوجەوانان(١١-١٨ساڵ)**، لە ڕووی **لێکۆڵێنەوە** و **بەواداچوون** و **دادگایکردن** و **جێبەجێکردنی سزاکان** لە سەریان؛ بەجۆرێک کە لە زۆرینەی یاسادانانی سزایی لە جیهاندا یاسایی تایبەت بە نەوجەوانانیان دیاریکردووە، کە لە دەرەنجامی توێژینەوەکانی زانستی تاوانناسییەوە سەرییانهەڵداوە.

ئەمانەو چەندین هۆکاریتر، گرنگی و بایەخی زانستی تاوانناسی بۆ هەموو کۆمەڵگایەك و کۆمەڵگای کوردیش وەك بەشیك لەوان دەردەخات.

# بەهیوای سەرکەوتن

